## مۆبایلێک سێ شاشەی هەیە

مۆبایلی Flip کە لەلایەن کریستینا ئولریچ دیزاین کراوە، مۆبایلێکە کە خاوەنی سێ شاشەی لەمسییە. مۆبایلەکە سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە، هەرچەندە رەنگە وەك مۆبایل هەلگرتنی ئاسان بێ بەڵام وەك ئامێرێکی دیجیتالی سەرنج راکێش و بە سوودە. هەرکام لەو شاشانە ئەرکی تایبەتیان هەیە، بۆ نمونە شاشەیەك تەنیا پەیوەندی بە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ و وێنە و مۆسیقایە، شاشەیەکیش تایبەتە بە بەشی مۆبایل و پێوەندی کردنەوە. شاشەیەکەی تریش ئەرکی کردنەوەی سایتەکان و جیهانی یاری ئەلکترۆنییە. بەرهەمهێنەری مۆبایلەکە دەڵێت من ئەو مۆبایلەم بۆیە بەرهەم نەهێناوە کە سوودی لێوەربگرن، تەنیا وەك تاقیکردنەوەیەکە، چونکە بەهۆی قەبارەی گەورەی بۆ هەلگرتن نابێت.



## توانای خەزن کردنی Blue ray گەیشتە 100 گیگابایت




هەلگرتنی داتاکان و بە ئەرشیف کردنیان لە جیهانی دیجیتالیدا، پێویستی بە ئامێری تایبەت بەخۆی هەیە، لەم سەردەمەدا رەنگە فلاش میمۆری وەك باشترین ئامێری بێتە ژمار، بەڵام بەر لە فلاش CD بەباشترین ئامێر سەیر دەکرا، CD گەلێك گۆڕانکاری تێدا پێکهاتووە لە CDیەوە بۆتە DVD و لەوێشەوە بۆ "Blu ray". توانای خەزنکردن لە بلۆڕەیدا تا ئێستا 50 گیگابایت بووە، بەڵام کۆمپانیایەکی ژاپۆنی توانی بۆ یەکەمینجار CD یەکی "بلۆرەی" بەرهەم بێنێ کە توانای خەزنکردنی 100 گیگابایتە. بە داهێنانی ئەو بەرهەمە نوێیەی تەکنۆلۆژیای دیجیتالی دەکرێ بڵێین هەنگاوێکی مەزن بۆ خەزنکردن و پاراستنی داتاکان لە قەبارەیەکی بچووکدا هاویشتراوە. بەڵام ئەو بەرهەمە نوێیە تەنیا دەتوانرێ زانیاری لەسەر خەزن بکرێ و ئەگەری سڕینەوەی زانیاری لەسەر CD یەکە نییە.

## ئامێرێک بۆ پەیوەند دانی کۆمپیوتەر و تەلەڤزیۆن

بۆ پێوەندی دانی کۆمپیوتەر و تەلەڤزیۆن تا ئێستا لە شێوازی وایەر سوود وەرگیراوە و بەهۆی کێبڵەوە کۆمپیوتەر لەگەڵ تەلەڤزیۆن پەیوەند دراوە. گەرچی ئەو جۆرە پەیوەندییەش تارادەیەك گرفتی هەبووە. بەڵام لەم دواییانەدا کۆمپانیایەك ئامێری (veebeam)ی بەرهەم هێناوە کە بەبێ وایەر دەتوانێ پەیوەندی لەنێوان تەلەڤزیۆن و کۆمپیوتەر دابمەزرێنێ. ئەو ئامێرە لە ئانتێنێکی USB پێکهاتووە کە لە کۆمپیوتەر یان لاپتۆپ دەخرێ و لەگەڵ ئامێرێکی دیکە کە لە تەلەڤزیۆن دەخرێ و ئەرکی وەرگرتنی شەپۆلەکانی ئانتێنە USBیەکەیە. بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەتوانی تەلەڤزیۆنەکەت بکەی بە کۆمپیوتەر و ئەو فیلمانەی کەلەسەر لاپتۆپەکەتن لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن سەیریان بکەی، هەروەها دەتوانی سایتەکانی ئەنتەرنێت لەسەر شاشەی TV ببینی.



# کتێبەکانت بکە بە دیجیتالی



باشترین و نوێترین شـێواز بـۆ بڵاوکردنـەوەی کتێبـەکان بە شـێوەی دیجیتالی و دانان لەسـەر ئەینتەرنێت سـوود وەرگرتنە لە پرۆگرامی FlippingBook PDF Publisher v1.5.8 Corporate، ئـەو پرۆگرامە گەلێك ئێفێکتی جۆراوجـۆری تێدایـە. هەروەها دەتوانی زۆر بە ئاسـانی سـوودی لێوەربگری. ئـەو پرۆگرامـە رۆژ بەرۆژ سـەرنجی بەکاهێنەرانی بۆ لای خۆی راکێشاوە.

سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامە نەتەنیا لە سایتەکانی ئی‌نتەرنێت بەسوودە، بگرە بۆ دروستکردنی کتێب، گۆڤار یان رۆژنامە بـۆ بڵاوکردنەوە لەسـەر CD و فلاش میمۆری گرنگی خۆی هەیە.

ئەو پرۆگرامە بەسـوود و تایبەتە ئەو هەلەت بۆ دەڕەخسێنیٚ کە تەنیا بە چەند کلیکێـك فایلـە PDFـەکانـی خۆت بەشـێوەی کتێبێکی جوان دیزاین بکەی و بە فۆرماتی فلاش بـڵاوی بکەیەوە، فۆرماتێك کە بۆ بۆ کردنەوە و خوێندنەوەی پێویسـتی بە هیـچ پرۆگرامێك نابێت. هەروەها کتێبە دیجیتالییەکان وەك کتێبی ئاسـایی دەتوانی لاپەڕەکانی هەڵبدەیەوە. جگەلـەوەش لەکاتی خوێندنەوەدا دەتوانی زومـی دەقـەکان بکەی. یـان دەتوانی جارێکـی دیکە فایلـە ئەسـڵیەکە لە فۆرماتی PDFدا وەرگریەوە.




# کۆمپیوتەرەکەت تەنیا بەرووی تێدا دەکرێتەوە

شـێوازەکانی داخسـتنی کۆمپیوتەر بۆ ئەوەی کەسانی دیکە نەتوانن سیستەمەکەی تۆ بکەنـەوە گەلێکن. وەك دانانی وشـەی نهێنی لەسەر کۆمپیوتەر، واتە پاسوۆرد، یان دانانـی پەنجەمۆر بۆ کردنەوەی کۆمپیوتەر. بەڵام ئاسـانترین و باشترین شێواز ئەوەیە کە کۆمپیوتەرەکەت تەنیا تۆ بناسیٚ و بە دیتنی تۆ سیسـتەمەکەی بکرێتـەوە. پرۆگرامی Luxand Blink ئـەو پرۆگرامەیـە کە بۆ چوونـە ناو سیسـتەمی کۆمپیوتەر دەبیٚ رووخسـاری بەکارهێنەرەکەی ببینیٚ. پرۆگرامەکـە ئـەو تەکنیکـەی تێدایە کە دەتوانیٚ رووخساری بەکارهێنەرەکەی بناسیٚ. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە زۆر ئاسانە تەنیا بە چەند کلیکێك دەتوانی سوود لە پرۆگرامەکە وەرگری. بـە بوونی ئـەو پرۆگرامە هیچ کەسـێك ناتوانیٚ سیستەمی کۆمپیوتەرەکەت جگە لەخۆت بکاتەوە.

# جیهانی پڕ لە رازی نوسترادامۆس لە یارییەکدا

نوسـترادامۆس یەکێکە لەو کەسـانەی کە پێشـبینی رووداوەکانی جیهانی بە سـەدەیەك و زیاتـر لە سـەدەیەکیش بەرلەخۆی کردووە، زۆر لەو پێشـبینیانەی کە کردوونی بەڕاست گەڕاون. یاری Great Secrets Nostradamus بیرۆکەکەی لە پێشبینیەکانی نوسترادامۆس‌وەرگرتووە. دۆزینەوەی نهێنیەکانی نوسترادامۆس ئامانجی یارییەکەیە. بەکارهێنەر دەبیٚ لە هەر قۆناغێك لە یارییەکەدا کۆمەڵێك نهێنی بدۆزێتەوە. دۆزینەوەی ئەو شتانەی کە ون بوونە و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسـایەتییە ناسراوەکان بەشێکن لە قۆناغەکانی ئەم یارییە. یارییەکـە لە ریـزی یارییە ئاسـانەکاندایە و لەگەڵ زۆربەی تەمەنەکانیش دەگونجێت.



# فیلتەرێک وێنەی تاڵەمویەک لە باکگراوند جیا دەکاتەوە



ئەوانەی ئەرکی دیزاین دەکەن، دەزانن کە کارکردێك هەیە پێی دەگوترێ "حەفر کردن" واتە دەرهێنانی وێنەیەك لە باکگراوندێك، یان وەرگرتنی بەشێك لە وێنەیەك. بۆ نموونە نیازت هەیە وێنەی تەنیا یاریکەرێکی تۆپێن لەناو وێنەکانی دیکە جیا بکەیتەوە. پرۆگرامی فۆتۆشۆپ کە زۆربەی دیزاینەران سوود لەو پرۆگرامە وەردەگرن بەشێکی تایبەتی هەیە بۆ "حەفر کردن"، ئەوانەی کە شارەزای فتۆشۆپ و ئامرازەکانی "حەفر کردن"ن دەزانن، ئامرازەکان بەتەواوی وەڵامدەرەوە نین، واتە ناتوانن بێ کەموکوری وێنەیەك لە باکگراوند جیا بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە فیلتەری OnOne mask pro لە ریزی فیلتەرە باشەکانە بۆ سڕینەوەی باکگراوند. کارکردی ئەو فیلتەرە زۆر جیاوازە لە پرۆگرامەکانی دیکە کە بۆ ئەو مەبەستە دانراون. بەهۆی ئەو فیلتەرەوە دەکرێ رەنگێکی تایبەت بە ئاسانی لە باکگراوند بسڕیەوە. واتە لە وێنەیەکدا بەکارهێنەر دیاری دەکات کە چ رەنگێکی ناوێ و چ رەنگێکی دەوێ. ئەو فیلتەرە 12 ئامرازی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە تێدایە. بەهۆی ئەو فیلتەرەوە تەنانەت دەتوانی وێنەی تاڵە موویەکیش لە باکگراوندەکە جیا بکەیتەوە.

# تەختە رەشی دنیای دیجیتالی

ساڵیانی ساڵ "بلاك بۆرد" واتە تەختە رەشە، گۆشەی سەرەوەی قوتابخانەی داگیر کردبوو، ئەوەی رۆژێك قوتابخانەی دیتبێ، لەگەڵ تەختە رەشە ئاشنایە. لەم ساڵانەی دواییدا "وایت بۆرد" واتە تەختەی سپی شوێنی تەختە رەشەی گرتەوە و "تەباشیر" شوینی خۆیدا بە "ماجیك".

بەڵام لەسەردەمی دیجیتالیدا، وایت بۆردیش پێدەچێ تەمەنێکی وای نەمابێ. درەنگ یان زوو تەختە نووسینی دیجیتالی شوێنی دەگرێتەوە. کۆمپانیای LG لە پێشانگای ساڵانەی CESی 2011دا تەختە نووسینێکی دیجیتالی نمایش کرد. بۆ نووسین لەسەر ئەم شاشەیە پێویست بە پێنووسێکی لەمسییە. ئەوەی خاڵی سەرنجە لەو تەختە نووسینەدا دەکرێ دوو کەس پێکەوە لەسەری بنووسن یان وێنەیەك بکێشنەوە. ئەو تەختە نووسینە دەتوانێ هەموو ئەوەی لەسەری دەنووسرێ لەخۆیدا خەزن بکات، دەتوانێ بۆ کاتی پێویست وێنەی دەنگ و ڤیدیۆیی دابنێی. تەنانەت ئەگەر بە بچووکیش لەسەر تەختە دیجیتالییەکە بنووسی دەتوانی بە ئاسانی زوومی بکەی. تەختە نووسینەکە لە راستیدا تەلەڤزیۆنێکە کە بە هێڵی ئینتەرنێت بەستراوەتەوە تەنانەت مامۆستایەك کە بە هەزاران کیلۆمەتر لەو تەختەیە دوورە دەتوانێ لەسەر ئەو تەختە بنووسێ و وانە شەرح بکات.



# بەراوردێک لەنێوان سێ فۆرماتی وێنەدا



هەرچەنـــدە لـــە جیهانی وێنـــەی دیجیتالیدا رادەمێنین، جۆری ئـــەو فۆرماتانەی کە وێنەیان پێ خەزن دەکرێـــت، گەلێکن، بەڵام لەنێوان دەیان فۆرماتی وێنەدا ســـێ فۆرمات لـــە هەموویان گرنگتـــرن و لە هەمووشـــیان زیاتـــر بەکاردێن. فۆرماتـــی JPG، GIF. PNG، بـــەڵام چ هۆکارێـــك هەیە کە ئەو جـــۆرە فۆرماتانە زیاتر جێگەی گرنگیدان بن.

خاڵی هاوبەشـــی ئەو ســـێ فۆرماتە لەوەیدا کە هەر ســـێ فۆرماتەکە بۆ دانان لەسەر سایتدا گونجـــاون و بـــۆ ئینتەرنێتی خێرا و لەســـەرخۆ دەگونجێن.

فۆرماتی JPG: ئەو فۆرماتە بۆتە ستاندەرێك بۆ وێنەگران، گشـــت کامێرا دیجیتالییەکان لەو فۆرماتـــە ســـوود وەردەگرن. فۆرماتـــی ناوبراو فایلەکان بچووکتر دەکاتەوە. ئەو بچووککردنەوەیە دەبێتەهۆی ئەوەی کە لە ئینتەرنێتدا بەئاســـانی داونلۆد و ئاپلـــۆد بکرێ. بەڵام بچووککردنەوەی وێنـــە دەبێتە هـــۆی ئەوەی کـــە کوالیتی خۆی لەدەســـت بدات و جارێکی دیکە نەگەڕێتەوە بۆ کوالیتی ئاست بەرزی پێشـــووی. هەروەها گەر فایلێکـــی JPG چەند جارێك خـــەزن بکرێت، ئیدی کوالیتی خۆی بەتەواوی لەدەست دەدات.

فۆرماتـــی GIF: ئـــەو فۆرماتـــەش وەك فۆرماتـــی JPG فۆرماتێکی کۆنە، ئەویش هەر بۆ مەبەســـتی بەکارهێنان لە ســـایتی ئینتەرنێتیدا پێکهاتووە، ئەو فۆرماتە هیـــچ کاریگەرییەکی لە جیهانـــی وێنەگریدا نییـــە. فۆرماتەکە بۆ کاری ئەنیمەیشینی زۆر ســـوودی هەیە، هەروەها بۆ ئەو وێنانەی کە دەقیان لەگەڵ بە سوودە، چونکە دەکرێ دەقەکـــە دواتر بەو پرۆگرامانەی بۆ ئەومەبەســـتە داندراون جیا بکرێتەوە.

فۆرماتی PNG: بەدوای ئەوەی کە ئینتەرنێت خێرایی چووە ســـەرێ، ئیـــدی دوو فۆرماتەکەی پێشـــوو بۆ دانانی وێنە وەڵامدەرەوە نەبوون، چونکە لە ئینتەرنێتی خاودا، ئەو دوو فۆرماتەی کە پێشتر ئاماژەیان پێدرا بەسوودن، بەڵام بۆ ئینتەرنێتی خێرا کـــە بتوانی وێنەیەکی باش و بـــە کوالێتێکی بەرز دابنێی، باشترین فۆرمات PNGـە. ئەو فۆرماتە کوالیتی وێنە زۆر ناهێنێتە خوار.

# ئیمێلی یاهوو گۆڕانکاری بەسەرداهات

یاهوو گەورەترین سایتی خزمەتگوزاری ئیمێلە کە راژەی بەشداربووانی لە گشت ئەو سایتانەی کـــە خزمەتگوزاری ئیمیلیان تێدا هەیە زیاترە، بەڵام ماوەیەکی زۆر بوو لە بواری دیزاینەوە هیچ چەشنە گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبوو. لەم چەند رۆژەدا ئیێملـــی یاهوو گۆڕانکارییەکی جیدی بەخۆوە بینی. بەڵام ســـایتی یاهوو رایگەیاند تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن ئەو گۆڕانکارییانە لە ئیمێلەکانیانـــدا پێك بێنن کە لە پرۆگرامەکانی Internet Explorer 8، Firefox 3+، Safari 4+، Chrome 5 سوود وەردەگرن.

بەشێك لە گۆڕانکارییە بەرچاوەکانی ئیمێلی یاهوو ئەمانەن:

دیزاینێك جـــوان و ســـەرنج راکێش. چوونە ســـەری خێرایی بەشـــە جۆراوجـــۆرەکان، وەك وەرگرتن و دانانی فایلی ئەتاچ.بەرگری کردن لەو ئیمێلە نەخوازراوانەی کە بۆت دێن. بوونی شـــوێنێکی زۆر بۆ هەڵگرتن و ئەرشیف کردنی وێنـــە و فایلەکان. دامەزراندنی پەیوەند لەگەڵ دۆستان لە رێگای چەت کردن و ناردنی کورتە پەیامـــەوە. (SMS). بەکارهێنەرانی ئیمێلی یاهوو دەتوانن لە شوێنی نوێکردنەوەی سایتەکە، ئیمێلەکەیـــان نوێ بکەنەوە. یان هەر لەســـەر دیزاینە کلاسیکیەکە بەردەوام بن.

